# گەلی ڕۆژی
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (187) یەکشەممە ٢٠٠٧/٧/15


## دیموکراتیخوازەکان لە بووش دەخوازن دان بە شکست بنێ

ڕۆژی هەینی ڕابردوو **هاری ڕید** سەرۆکی دیموکراتیخوازەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا داوای لە جۆج دەبلیو بووشی سەرکۆماری وڵاتەکەی کرد کە دان بە شکست و فەشەلێنانی سیاسەتەکانی خۆی لە عێراق. بنێ.

**هاری ڕید** سەرۆکی دیموکراتەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دا ڕایگەیاند: کاتی ئەوە هاتووە کە سەرۆک بووش دان بە شکست و هەرەسی سیاسەتەکانی دا بنێ و هەنگاو بۆ کشانەوەی سەربازانی ئەمریکا لە عێراق هەڵبگرێتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە لێدوانەکەی هاری ڕید لەدوای ئەوەوە هات کە ڕۆژی پێشتر ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بە ٢٢٣ دەنگ بەرانبەر بە ٢٠١ دەنگ پرۆژە بڕیارێکی بۆ کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق پەسند کردبوو، بەو پێیە دەخوازرێ لە ماوەی ١٢٠ ڕۆژدا سەرجەم سەربازانی ئەمریکی لە عێراق بکشێنەوە.


لە ٢: ئاشکرایی یان شاردنەوە!! حکومەتی هەرێم دووەمیان هەڵدەبژێری
لە ٤: دەیانەوێت هەستی هەموو عاشقێک بریندار بکەن
لە ٥: جیهانی سێیەم لەنێوان سیاسەتی چین وئەمریکا
لە ٦: فەرمانڕەوایان بازرگانی بە کێشەی ژنانەوە دەکەن
لە ٧: بیرەوەریەکانی زرار سلێمان دەرگەڵەیی


# پەرلەمان هەردوو دەزگەی پاراستن و زانیاری کوردستان بە نا فەرمی دەزانێ

**ڕۆژی** پێنج شەممەی ڕابردوو ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان بە دەنگەکانی عێراقی ڕایگەیاندووە کە هەردوو دەزگای پاراستن و زانیاری یاسایی نین و بە یاسا دانەمەزراون.

جێگەی ئاماژەیە کە ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو دەزگەی پاراستن وەڵامی نووسینەکەی دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵحی دابۆوە کە پێشتر لە هەردوو ڕۆژنامەی خەبات و کوردستانی نوێ دا بڵاوکرابۆوە. دەزگەی پاراستنی ئاسایشی هەریم خۆی بە دامەزراوەیەکی ئەمنی فەرمی و یاسایی کوردستانی دەزانێ و بەپێی بڕیاری پەرلەمانی کوردستانی ژمارە (٤٦)ی لە بەرواری (٢٠٠٤/٦/٢٠ دامەزراوە، بەڵام ئارێز عەبدوڵا، ئەندامیپەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەکێتی نیشتیمانیدا ڕایگەیاندووە:" وێڕای ئەوەی هەردوو دەزگای پاراستن و زانیاری بۆ بەرژەوەندی میللەت کاردەکەن، بەڵام ئەو دوو دەزگایە سەد دەر سەد حیزبین و هیچ ئەندامیلایەنێکی تر وەرناگرن" ناوبراو داوای یەگرتنەوەی هەردوو دەزگەکەی کردووە. جێی ئاماژەیە کە دەزگەی پاراستن ،دەزگەیەکی بواری ئاسایشی سەر بە پارتیدیموکراتی کوردستانە، دەزگای زانیاریش دەزگەیەکی بواری ئاسایشی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە . ئارێز عەبدوڵڵا گوتویەتی ئەو یاسایەی لە پەرلەمان دەرچووە بۆ ئەوە نیە کە دەزگەی پاراستنی پارتی بە یاسایی بکات، بەڵکو داوای پێکهێنانی دەزگەیەکی ئاسایشی نیشتمانی دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ هەردوو دەزگەی پاراستن و زانیاری یەک بگرنەوە، چونکە هەردوو دەزگەکە یاسایی نین و بە یاسا دانەمەزراون.

ئەوەی شیاوی باسە لەوەتەی ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ سەبارەت بە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ ڕاپۆرتی بڵاو کردۆتەوە مقۆمقۆ لەسەر یاسایی و یاسایی نەبوونی دەزگەی پاراستنی ئاسایشی هەرێم پەیدا بووە، بەڵام دەزگەکە داکۆکی لە یاسایی بوونی خۆی دەکات.

## مالکی هەندێک وەزیری کورد دەگۆڕێ

**سەرچاوەیەک** کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ بە پەیامنێری **ڕۆژی گەل**ی ڕاگەیاندووە کە نوری مالکی سەرۆکوەزیرانی عێراق بە نیازە ژمارەیەک وەزیری کورد بگۆڕێ.

نوری مالکی لەژێر گوشاری ئەمریکا دایەو لایەنە سوننەکانیش چیتر ئامادە نین هاوکاری لەگەڵ کابینەکەی نوری مالکی دا بکەن، بەوهۆیەوە ناوبراو دەیەوێ شکست و سەرنەکەوتنی کابینەکەی بۆ کەمتەرخەمی و ناشارەزایی وەزیرەکان بگێڕێتەوەو خۆی لە گوشارەکانی ئەمریکا دەرباز بکات کە هەوڵی گۆڕانی دەدات.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەکە دووپات دەکاتەوە کە نوری مالکی بە نیازە ژمارەیەک باڵیۆز لە وڵاتانی جیهاندا دەستنیشان بکات، لەو بەستێنەدا بەڵێنی بە هاوپەیمانی کوردستان داوە کە ژمارەیەک کوردی دیکە وەکو باڵیۆزی عێراق دەستنیشان بکات و ئەرکیان پێبسپێرێ، بەڵام تا ێستا دیار نیە ئەو کوردانە لەسەر میلاکی حزبەکان دەبن یان نا!!

## ئەمریکا هێزەکانی خۆی لە کوردستان کەم دەکاتەوە

**بنیامین میکسۆن** فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا جێگیر لە باکوری عێراق! بە ڕۆژنامەوانانی ڕاگەیاندووە بەهۆی باشی ڕەوشی ئاسایشی شارەکان بڕیار دەدرێ کە هێزەکانی ئەمریکا لە شارەکان کەم بکرێتەوە، تەنیا بۆ هاوکاری دەمێننەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە چاودێران پێیانوایە کە ڕەوشی شارەکانی موسڵ و کەرکوک شڵەژاوو ئاڵۆزە، بەڵام ڕەوشی شارەکانی ژێردەستەڵاتی حکومەتی هەرێم ئارامە، لەوانەیە ئەمریکا بۆ خۆ دەرخستن لەنێو ڕای خەڵکەکەیدا ئەو لێدوانانە بدات، دەنا باوەر بە جێگری ڕەوشی شارەکان ناکرێ.

## نەتەوە یەکگرتووەکان باس لە پێشێلکاریەکانی مافی کورد دەکات

**ژێنێف:** نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکی ١٧ لاپەرییدا باس لە پێشێلکاری مافی کوردان و قەدەغە بوونی زمان و چالاکیی پارتە سیاسییەکانی کورد لە تورکیا دەکا و پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستMHP بە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی تۆمەتبار دەکات.

کۆمیساریای بەرزی پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان (UNHCR) لە ڕاپۆرتێکی ١٧ لاپەرییدا سەبارەت بە تورکیا، باس لە نایاسایی بوونی (پ.ک.ک) و زیندانی بوونی سەرۆکی ئەو پارتە دەکات، هەروەها ناوی پارتەکانی دەڤ سۆڵ (DEV-SOL) و تیککۆ (TIKKO) لە ڕێکخراوەکانی چەپ دەکات کە چالاکیی سیاسییان لە تورکیا لێ قەدەغە کراوە.

ڕاپۆرتەکە دەڵێ پ.ک.ک دەیەوێ لە تورکیا چالاکیی سیاسی ئەنجام بدات، بەڵام تورکیا هەر چەشنە چالاکییەکی لێ قەدەغە کردووە، هەرچەندە تا ساڵەکانی ١٩٩١ زمانی کوردی بە توندی قەدەغە کرابوو، کەچی لەم ساڵانەی دوایییدا، خەریکە مۆڵەت دەدرێ بە زمانی کوردی قسە بکرێ، هەرچەندە تا ئێستاش پرۆگرامی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی بە زمانی کوردی قەدەغەیە.

ڕاپۆرتەکە بە نەرێنی سەر لە تورکیا شکاوەتەوە.

## بووش ستراتیژی خۆی لە عێراق بە کارا دادەنێ!

**دوێنێ** شەممە ٢٠٠٧-٧-١٤ جۆرج بووش سەرۆکی ئەمریکا ستراتیژی نوێی خۆی کە لە عێراق پێڕۆی دەکات بە کارا داناو هیوای خواست کە سەرکەوتن وەدەست بێنی.

بووش پێچەوانەی ئەو سەرکردانەی ئەمریکا بیر دەکاتەوەو هەنگاو هەڵدەگرێتەوە کە سیاسەتەکەی ئەو لە عێراق بە دۆڕاو ناودەبەن، هەر بەوهۆیەشەوە دوای ئەوەی لەلایەن هاری ڕید ڕەخنەی لێگیراو داوای لێکرا هێزەکان لە عێراق بکشێتەوە، ئەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ستراتیژیەکەی کارایەو لەسەرکەوتن نزیک دەبێتەوە!

بووش دووپاتی کردەوە کە زۆرینەی ئەمریکیەکان دەیانەوێ سەربازەکانی بە سەرکەوتووی بگەڕێنەوە، بۆیە کێشانەوەی پێشوەخت زیان بە ناوبانگ و بەرژەوەندی ئەمریکا دەگەیەنێ.

بووش باشبوونی ڕەوشی پارێزگای ڕومادی بە ئەرێنی داناو پێیوابوو کە لە داهاتوو سەرکەوتوو دەبێ.

## نەخشەی کوردستان گرژی لە نێوان تورکیا و یۆنان دروست دەکات

**لە ڕۆژانی** ٣تا ٧ی تەمووز لە شاری ئەسینای یونان، سیمینارێکی سەربازی لە ژێر ناوی "بەڕێوەبەری قەیران" سازدرا و نوێنەرێکی سوۆای تورکیا و شاندی سەربازی چەند وڵاتی جیهان بە شداریان تێدا کرد و نیشاندانی نەخشەی کوردستان لە سیمینارەکەدا پێشاندراو تورکیا تورە کرد.

"پرۆفێسۆر مازیس" کارناسێکی سیاسی و کاروباری ستراتێژیک و سەربازی لە ئاخافتنەکەی دا لە سیمینارەکە کەڵک لە نەخشەیەکی کوردستانی یەکگرتوو وەردەگرێ کە بۆ یەکەم جار لە گۆڤارێکی **ئەرتەشی ئەمریکا دا بڵاوکرابۆوە**، پاشان لە کۆلێژی سەربازی ئەمریکا و ناتۆش وانەی لە سەر وترابۆوە و ئەمەش بوو بە هۆی تورە بوون و نارەزایەتی نیشاندان و پرۆتیستۆی ئەفسەرێکی تورکی ئامادە لە سیمینارەکە و بەجێهێشتنی شوێنەکە. پاشان هەم سەرفەرماندراری ئەرتەشی تورکیا و هەم وەزارەتی دەرەوە نامەی نارەزایەتیان پێشکەش بە هاوتاکانیان لە یونان کردووە و ئەمەیان بە هەوڵ بۆ پارچەکردنی تورکیا ناوزەد کردووە.

**سەرچاوە: ڕێنیسانس**




## سێ گوندی گەرمیان لە تیرۆریستان پاک دەکرێتەوە

**ڕۆژی** شەممە ٢٠٠٧-٧-١٤ هێزەکانی پۆلیسی گەرمیان ئاشکرایان کرد کە ڕۆژی هەینی ٢٠٠٧-٧-١٣ سێ گوندیان لە ناوچەی گەرمیان لە تیرۆریستان پاک کردۆتەوە.

پۆلیسی گەرمیان لەو هەڵمەتەی کە بە پشتیوانی هەلیکۆپتەرەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە ئەنجامی دەدەن توانیویانە چەند تیرۆریستێک دەستگیر بکەن، هەروەها محەمەد عەبۆ ئەمیری یەکێک لە شانەکانی ئەنسار سوننە لە ناوچەکە دەستگیر کراوە و هەر سێ گوندی جەمیلە و عەلوەو ئیسلاح لە تیرۆریستان پاک کراونەتەوە.

ڕاگەیاندراوەکەی پۆلیسی گەرمیان جێگەی خۆشحاڵی دانیشتووانی ناوچەکەیە، بەڵام ترس و گومانیشی لەدڵی خەڵکەکەدا زیندوو کردۆتەوە کە چۆن ئەو سێ گوندە لە ژێر دەستەڵاتی تیرۆریستان دابوونە؟ ئایا چەند گوندی دیکەی ناوچەکە لەژێر کۆنترۆڵی تیرۆریستان دان و هێشتا پاک نەکراونەتەوە؟!

جێگەی ئاماژەیە کە ماوەیەکە کردەوەو چالاکی گروپە تیرۆریستەکان لە ناوچەی گەرمیاندا ئاشکراو بەرچاون، بەوهۆیەشەوە لایەنە پەیوەندارەکانی پارێزگای کەرکوک هەوڵ دەدەن پشتێنی ئاسایش بە دەوری کەرکوک و شارۆچکەکانی دیکەدا دروست بکەن و خۆیان لە بەڵای تیرۆر بپارێزن.

## ڕۆژەڤ

سیاسەتی فیفتی- فیفتی پێشتر تاقی کراوەتەوە، دەستی کۆمەڵگەو حکومەتی سووتاندوە، بۆیە نابێ دووپات بکرێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ وێڕای دەیان بەڵێننامەو ڕێککەوتن، کەچی بە خشکەیی دیاردەکە لە نێو دامودەزگەکانی حکومەتدا زیندوو دەکرێتەوە.

هەرچەندە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر خواست و ڕێککەوتنی نێوان سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکهێنراوە، بەڵام موڵکی هەموو کوردستانیانەو هەموو کەس و ڕێکخراوو لایەنێکیش مافی خۆیەتی کە دڵسۆزو پەرۆشانە لە خەمی داهاتووی ئەو دەستکەوتە دابێ و بیپارێزێ.

پاراستن و داکۆکیکردن لە حکومەت و دامەزراوەکانی ئەرکی تێکڕای کوردستانیانە، بەوهۆیەشەوە هەمووان مافیان بەسەر حکومەتەوە هەیە، خوازیارن کە حکومەت بە یەک چاو لە هەمووان بڕوانێ و سیاسەتی جیاکاری و هاوێرکاری کۆتا بکات، بەڵام ئەگەر وا بڕوات جارێکی دیکەش خەڵک هەناسە سارد دەکرێتەوە.

ئەوەی تا ئێستا بینراوە ئەوەیە کە دەستکەوت و زێدە مافەکانی حکومەت زیاتر بۆ حزبە دەستەڵاتدارەکان بووە، بە ئارەزووی ئەوانەوە هەڵسوڕاوە، بە مەیل و ئارەزووی ئەوانەوە هەنگاوی هەڵگرتۆتەوە، کەواتە ئەرکی ئەوانیشە بەر لە هەمووان داکۆکی لێبکەن و دەستی پێوەبگرن، بەڵام کاتێک لەسەر داهات و پۆست و کورسیەکانی ئەو دامودەزگەیانە شەڕێکی نهێنی نارەوا بەڕێوەدەچێ، جەماوەرو لایەنە سیاسیەکانیش ئەو مافە بەخۆیان دەدەن کە بە دەنگی بەرز داوای دەستپێوەگرتن و پاراستن و بەرەو پێشەوەبردنی بکەن.

جەماوەر لەوە بەرپرسیار نیە کە هەردوو لایەنی دەستەڵاتدار چۆن ڕێککەوتوون و چۆنیان داوەتە بەرداسێ و کەنگێ جێگۆڕکێ بە پۆستە باڵاکانی پەرلەمان و حکومەت دەکرێ، بەڵام لەوە بەرپرسیارە کە چۆن بیپارێزێ و چۆنیش ڕێگە بە حزبەکان نەدات بۆ دواوە بیگێڕنەوە. بۆ جەماوەر گرنگ نیە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و پۆستی سەرۆکی حکومەت وەبەر کام حزب دەکەوێ، بەڵام گرنگ لەوەدایە ئەو کەسە چۆن کار دەکات و چۆن پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بەرەو پێشەوە دەبات و چۆنیش داکۆکی لە مافەکانی جەماوەر دەکات.

جەماوەر لە خەمی داهاتووی خۆی و نیشتمانەکەی دایە، پەرۆشانە بۆ پێشخستن و کاراکردنی حکومەت و دامودەزگەکانی کار دەکات، بەوهۆیەشەوە لە حزبەکان دەخوازێ کە چیتر ناکۆکی و ململانێی حزبایەتی لەنێو دامەزراوەکانی حکومەت دا ڕەنگ پێنەدەنەوە، یەک دەست و یەک هەڵوێست بۆ زیاتر خزمەتکردنی گەل و نیشتمان هەنگاوی کردەیی هەڵبگرنەوە. بۆ ئایندەیەکی باشترو گەشاوەتر تێبکۆشن.